# جە پەراوێزۆ کۆربەندەکەو ئاسایش ژ مونشن

## چاخی درۆ و هەرەس هێنانی ڕۆژئاوا و کۆتایی ڕێکوپێکی جیهانی

## (Post-Truth, Post-West, Post-Order)

### ژ تاک ناوەندی ( جەمسەری ) یەوە بەرەو فرەناوەندی

### ئاسۆی شەڕی وەهابی عارەب و شێعەی سەفەویی عەجەم

### بزاڤا نەتەوەیی کورد ، ئاستەنگی و ئاریشەیەلی
### دە دۆخی نوێی جیهانی دا

**چاخی درۆ و هەرەس هێنانی ڕۆژئاوا و کۆتایی ڕێکوپێکی جیهانی** چەس و ب چ ئاڤا و مەبەست تێ. ئی ساڵ ژی وەکی سالانی پێشووتر کۆربەندی ئاسایش لە مانگی فێبروەری (١٨-١٩-٢٠ ) لە مونشنی ئاڵمانیا سازکرا و تێیدا بەبەرفرەهی گەنگەشەی مژاری ئاسایش و تەناهی جیهانی کرا . ئەم کۆربەندە لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن پیاوێکی دانیشتووی ئاڵمان ، کلایست شمەنزین ، -Ewald-Heinrich von Kleist Schmenzin دامەزرا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی مژاری ئاسایش و تەناهی ڕۆژئاوا . ئەم کۆربەندە ئەرکی بڕیاردان لە سەر کێشە و فرمانی ئاسایشی ڕۆژئاوای دە ئەستۆی خوە نەگرتگە و بەتەنێ لە ئاستی گەنگەشەکردنیان بەسی کردوە و ئەیکات . ژ سالانی بەرێ ئەوان مژاران کو پێوەندیان بە ئاسایشی ڕۆژئاواوە هەبوو دەخرایە ڕیزی مژاری بەر گەنگەشە . لێ ئیمساڵ کەش و هەوای کۆربەندەکە جیاوازی فرە بەرچاوی بە خوە بینی . هۆکەشی ئەوەسە کە بەلانی کەمەوە لە ساڵی پارەوە ، ٢٠١٦ ، دۆخێکی نوێی جیهانی هاتگەسە هۆلێ کە بە سەرەتای چاخی درۆ و هەرەس هێنانی ڕۆژئاوا و کۆتایی ڕێکوپێکی(order) جیهانی سەرمایەداری و بەجیهانی بوونی سەرمایە ئانکو گلۆباڵیزم دەس نێشان ئەکرێتن.

درۆکردن جە سیاسەت و فرمانی سیاسی دە ، شتێکی نوێ نینە و درۆ هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو بووگە لە سیاسەت و سیاسیکاران ، سیاسەت و درۆ لفەدووانە یەکترن . ئەوەی کە ئەو خەڵکەی باسی چاخی پاش – ڕاستی ئانکو درۆ ئەکەن هەرهەمان خەڵکی درۆزنی دوێنێن کە درۆگەل دوێنێ یان بە ڕاست و ڕاستی دەرخواردی خەڵکی ئەدەن . ئەمیچ لۆخۆی درۆێیکی شاخدارە . درۆزنەکانی دوێنێ و ئەوانەی ئیرۆ شیوەنی درۆزنەکانی ئیرۆژی ئەکەن ، وەستاکاری خاپاندن و هەڵ چنینی درۆی خاپێنەر بوون و بەلانی کەمەوە بە هونەری خاپێنەر و پشت بەستن بە زانستی دەروون ناسی و کۆمەڵایەتی درۆکانیان دەرخواردی خەڵکی ئەدات . لێ لە ساڵی ٢٠١٦ دە بابەتە درۆ و درۆزنیێکی نوێ سەرەتا لە ئینگلیستان و دواتر لە ئامریکا سەری هەڵ دا کە بە درۆی ڕووت و بێ بنەما و وتاری ناڕاستی بە مەبەست سازکرا مەبەستی سیاسیان پەی شوێن ئەگرت و تێشیدا سەرکەفتن . لە هەرای گشت پرسی ئینگلزیان لۆ داڕان لە یەکیەتی ئاورووپا ئەم دیاردەیە گەهشتە ئاستێکی فرە بەرچاو و بێزهێنەر . پاشان هەر ئەم دیاردەیە لە بەزمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئامریکا گەشەی کرد و دۆخێکی هێجگار ئاڵۆز و نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی پێک ئانی . ئەوەی کە باڵکێشە و شیاوی ڕامانە ئەوەسە کە ئەو ئاکارە لە هەر دوو وڵاتی ئینگلیز و ئامریکا سەرکەفتنی ئەڕای هۆگرانی خۆی مسۆگەر کرد . سەرکەوتنەکەیچ لە دژی دۆخی باو و زاڵی سەرمایەداری بە جیهانی کراو دا بوو . لەورا ئەتانین بووشین کو هات و هاواری ئەوانەی لە کۆنفرانسەکەی مونشن لە مەر ئەم دیاردەیەوە بەرز بووەوە ، کاردانەوەی سروشتی ئەوان کەس و لایەن و رەوت گەلەس کە هەیا ئیرۆ ، سەرەڕای هەموو ئاکار و ئاکامی نەرێنی یان ، پر خوەش دە ئاقاری گلۆبالیزم و گەشەی سەرمایەداری سەردەم دا ئەمەشین ، گۆر بەرژەوەندی خۆیان . سەرکەوتنی ئەوان درۆ و دەلەسەی بێ بنەما لە وڵاتانی بە ناو پێشکەفتوو و خەڵکەکانیان ئەشێ ببێتە هۆی ڕامان و لاسەر هەڵکراندن . خانی واتاش " ئەمێ ماینە دە حکیمەتێ جیهان و دەوران رە " ئەو چ باسە ، چما ڤێ خەلکێن خودان پێشکەتن و سازی و هزرێن بەرز بە درۆ هاتنە خاپاندن. چما گەر مە کوردان ئانکو گەلێن دن مینا مە ولو کردبان ، دار و بەردیان بە سەرا نەدەباراندین .

سەرمایەداری لە هەر ئاستێک دا بووت و بە هەر ئاقارێک دا پروات ئاوسی قەیرانی نکوولی هەڵ نەگرە . قەیرانی نوێی سەرمایەداری جە ٢٠٠٨ ەوە دەستی پێ کردووە و پارەپەرەستان و نەخاسما سووخورانی بانکەکان تەنانەت لە گەرمەی ئەم قەیرانەدا تاڵانکاری و ڕاو وورووتێکی بێ وێنەیان دەس پێکرد و تێکڕای وڵاتانی پێشکەوتوویان هەتا سەر گۆشت و ئیسقان ، کەردەکەوە ماچۆ ، دادۆشی و ڕووتانیانەوە . قەیرانی سەرمایەداری لە ٢٠٠٨ ەوە هەتا ٢٠١٦ بە باجێکی فرە گاورە و گرانیان بە سەر خەڵکی جیهان و نامازە ئی دە ڕۆژئاوا شکایەوە و ئەمانەی ئیرۆ هاواریان لێ بەرز بووگەسەوە بێدەنگ بوون . هۆی سەرەکی ئەم فرمانە ژی ئەوان ڕاستین کە بە درێژایی ئەو ساڵانە ناوماڵی سەرمایەی ڕۆژئاوایی بە ڕواڵەت ڕێک و پێک بوو و چ مەترسێیکی ئەوتۆی لە سەر نەبوو . بەڵام درۆزنەکانی ئینگلیز و ئامریکا و سەرکەوتنیان لە گشت پرسی ئینگلستان و سەرۆک کۆماری ئامریکا ، ناوماڵی سەرمایەی ڕۆژئاوایان تێک داوە و بەرەو ئەوە ئەچیتن کە یەکانگیری و باڵادەستی سیاسی و ئابووری و تێکنۆلۆژیکی و هتد ڕۆژئاوا بخاتە بەر مەترسی سوور . لۆیێ چاخی درۆ بە کۆتایی و هەرەسی ڕۆژئاواوە مۆتوربە ئەکرێتن . کۆڕبەندی ئاسایشی مونشن ئەم مەترسیەی بە ئاشکرا بینی و زەقی کردەوە و تەنانەت تێک چوونی ڕێکوپێکی جێهانیشی خستە بانی . شیاوی ڕامانە کە بۆ نموونە درۆی ڕووتی بۆش و بلێری ئامریکایی و ئینگلیزی لە مەڕ شەڕی عێراق و سەدام لۆ ڕۆژئاوایی یەل فرە گرینگ نەبوو چوونکە ئەو درۆ و دەلەسە سازکراوانە مەترسی ئەڕای ناوماڵی ڕۆژئاوا چێ نەئەکرد ، ئانکو کورد گوتەنی خراپەی ئەڕای پەز نەبوو . ئەوەی خەڵکی دەرەوەی ڕۆژئاوا چەشتیان وەک ئاکامی ئەوان درۆ و دەلەسانە شیاوی ڕامان و وەدەنگ هاتن نەبوون و نین ژ وان رە .

سەرمایەی ڕۆژئاوایی هەیا نووکە تاکە ڕمبازی بێ ڕکەبەری بواری ئابووری و سیاسی و تێکنۆلۆژیکی جە جیهانەکەو مرۆڤایەتی دا بوو . لەل ئەمەیچ ڕەوتی گەشەی سەرمایەداری لە ئاستی جیهانی دە ، دە ساڵانی ڕابردوو دا ، بواری ئەوەی لۆ هێندێک ولات لەوانە چین و ڕووس و هێند و برازیل و ئافریکای خوارووی ڕەخساند کە ژ بوارێن ئابووری و سیاسی پێشڤەچوون و سەرکەفتن لۆ خویان مسۆگەر بکەن . تەنانەت وڵاتگەلێک مینا عارەبستان و ولاتانی کەنداو و عەجەمستان و تورکیە شوێن پێی خویان لەم بوارەدا خوەشتەرتەر کرد . جە وتارەکەو پێشووترمان ، گاڵتەجاڕی فاشیزمی ئامریکایی دۆناڵد ترامپ ... ، پرسیاری ئەوەمان هیناگە ئاراوە کە لە ئەگەری جێگیرکردنی ستراتیژی ئامریکای ترامپ ، شوێنی یەکەم وسەرەکی ئەو وڵاتە لە سیاسەتی جیهانی دا چۆڵ و والا ئەبێتن و کێش شوێنی ئەگرێتەوە دیار نیە . مەبەست لەمەیچ ئەوەسە کە هیچ وڵاتێک ناتانێ ئەو شوێنەی ئامریکا بە تەنیا بگرێتەوە . ڕووس و چین ئەو کێشەیان نیە و یەکیەتی ئاورووپا ژی ئەوەتا بەرەو کۆتایی ئەچێتن گۆر ستراتیژی هەنووکەیی ئینگلیس و ئامریکا ، ڕووس و چێن ژی وەگەردیان بووت . ئەوەی کە تێتە چاڤەڕێ کرن ئەوەسە کە هۆکار و یاریکەرە ناوچەیی و بچووکەکەن ، هەر یەکەو لە حاست خۆیەوە ، هەوڵی ئەوە ئەدات کە بە چۆرێک و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو بۆشایی و چۆڵایی یەی ڕۆژئاوا بە گستی و ئامریکا بە تایبەتی پڕ بکەنەوە . ئەمەش دەق ئەو چتەسە کە لە کۆڕبەندی مونشن دا وەکی تێکچوون و کۆتایی ڕێکوپێکی جیهانی ئاماژە وە پێ کرا و بەسترایەوە بە چاخی درۆ و هەرەس هێنانی ڕۆژئاوا. ترس و دڵەڕاوکێی ڕێکخەران و بەڕێوەبەرانی کۆربەندەکەو مونشن گەیشتە ئەو ڕادەیە کە تەنانەت مەترسی شەڕی گاورە و ناوچەیی لەو شوێنانەی کە ناکۆکیان لە سەرە ، زەق کرایەوە . کارایی وسەرکەوتنی درۆ و

مەترسی هەرەسی ڕۆژئاوا یەکەم لە ئینگلستان و دواتر ژی ژ ئامریکا وەک تایبەتمەندی زەق و دیاری چاخ و دۆخی نوێ تەزوو و موچۆرکی مەرگی خستوەتە لەشی داڕێژەران و سازکەرانی گلۆبالیزم و لێشیان ناگێرێت.

**ژ تاک ناوەندی ( جەمسەری ) یەوە بەرەو فرەناوەندی** ئاسۆی داهاتووی جیهان ئەبێتن بە گوێرەی ئەو هەڵسەنگاندنەی کە لە دۆخی ئیرۆژی و ئاکامی ترامپیزم ئەکرێتن . گلۆباڵیزمی سەرمایەداری بابەتە ڕێکخستن و ڕیزبەستنێکی هیز و دەسەڵاتی لە ئاستی جیهانی دا پێک هانی کە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا و باڵادەستی یانی مسۆگەر ئەکرد . ترامپیزمی ئامریکایی ، ئینگلیز ژی وەگەردیان بووت بەرەو ئەوە ملیان پێوە ناگە کە ئەو بەزمە تێک بدەن . ئەمەش بەرەو ئەوە ئەچێتن کە ماڤی مرۆڤ کە داهێنانیکی ڕۆژئاوایی یە و لە لایەن ڕۆژئاواوە داکۆکی وەلی ئەکرێتن ، ببێتە یەکەم قوربانی دۆخی نوێ و ترامپیزم . کابرای ترامپ یەکەم کەسێکە کە بە ئاشکرا داکۆکی لە ئەشکەنجە ئەکات و بە بێ هیچ شەرم و شوورەیی یەک و دە هەمبەر گشت مرۆڤایەتی دا کاریگەر بوونی ئەشکەنجە ئەسەلمێنێ . ئەشکەنجە بووە و لەوانەشە لۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ژی هەر بمێنێ . لێ ڕووداماڵاویی و ئاکاری فاشیستی ترامپ لەوەدا خوە دەنوێنێ کە بە پێچەوانەی ئەم کابرا نەزان و هێرە ، تەنانەت ئەوانەی کە ئەشکەنجەیان دکار هانیوە ، دژی ئەوەستنەوە و نکوولی لە کردەی دژە مرۆیی خۆیان ئەکەن . جا گەر ماڤی مرۆڤ ئاوا بە زەقی لە لایەن ڕۆژئاوا و نەمازە ئامریکاوە ژێر پێ بخرێتن ئیدی ئەوەندە تروسکایی و هیوایەی کە مرۆڤایەتی بەگشتی و ئی دە ولاتانی دەرەوەی ڕۆژئاوا و ئەو خەڵکەی کە مافیان بەناڕەوا لە لایەن کاربەدەستانی خۆیانەوە پێشێل ئەکرێتن ، هەیان بوو کوێر ئەبێتەوە . گەر هەر ژ کوردڤە دەس پێ بکەین سرنج بدەینە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی بێ بەش کراو و ماف خوراو جە گشت جیهان ، ئەوە ئیتر دیار دەبیتن کە هەمووومان لە سەر بنەمای مافی مرۆڤ هەڵمان چنیبوو . گەر مافی مرۆڤ وەکی تrووسکایی جێی هیوای مەردم ماف پێشێل کراو لە تەبەت و کوردستان ئەڕای نموونە ، جە هاوسەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهانی دا نەمێنێ ئیدی ئەبێ پاشەڕۆژی مرۆڤایەتی بەرو چ دۆزەخێک بروات . گەر درۆ ببێتە لاوژەی ڕۆژانە و ئامریکا ببێتە ئامریکای ترامپ و ڕۆژئاوا هەرەس بهێنێ و ڕێکوپێکی زاڵ و باوی ئێستای جیهانی کۆتایی پێ بێت و جیهان ببێتە جیهانێکی فرە ناوەندی و هەرکەسە باڵۆرە خۆی لێ بدات و لە مەیچ فرە خراوتەرتەر هەموو بەربنە گیانی یەکتر ، وەک ئاکامی حاشا هەڵ نەگری ترامپیزم ، مرۆڤایەتی بەرەو چاخی بەردینە هەڵ ئەگەڕێتەوە و تێکڕای دەسکەتە ئەرێنیەکانی مرۆڤایەتی پووچەڵ ئەبنەوە .

وەزیری دەرەوەی عرووسان و هەر وەتریش کابرای وەزیری دەرەوەی مەلای عەجەمان مینا پاشکۆ و تواوکەری ئی دە ڕووسان ، جە وتارەکانیان دە مونشنێ ئیساڵ دە بە ئاشکرا ئاماژەیان بە کۆن کەفتن و لە دەور کەوتنی ئەو ڕێکوپێکی یە جیهانی یە تاک ناوەندی یە کرد کە ڕۆژئاوا تێیدا باڵادەست بوو . ئەڤ چەند ژی هێمایەکە ئەڕای هەرەس هێنانی ڕۆژئاوا کە بە وی ئاڤا ئەکەفێتە بەر هێرش و پەلاماری نەیارانی . هەڵوێستی عرووسان لە ڕاستی دا ڕەنگدانەوەی ستراتیژی هێرش بەرانەی ئەوانە جە هەمبەر ڕۆژئاوا بە گشتی و تا رادەیەکی بەر بەچاڤ ژی تێدا سەرکەفتگن بەتایبەت لە پێوەندی وەگەرد قەیرانی سووری و ئاژاوە و هەرای ئیسلامی سیاسی و شەڕی وەهابی سعوودی و شێعەی سەفەویی عەجەمستان . ئەوە لە بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی ڕووس دایە کە ڕاستەوخۆ ئانکو ناڕاستەوخۆ پشتی نەیارانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئی دە ئامریکا بە تایبەتی

بگرێت و ئاستەنگ و لەمپەر ژ بۆ بالادەستی ڕۆژئاوا چێ بکاتن . ئەڤ ڕاستی ژی ژ هەمیان ره خویاەیە کە هەر چەندە هێزە نایارە ناوچەیی یەکانی ڕۆژئاوا سەربکەون لە ململانێ وەگەرد ڕۆژئاوا ، دەق جە بەرژەوەندی عرووس دا ئەبتن و پارەک ژ ستراتیژی وان لە دژی ڕۆژئاوا مسۆگەر ئەکاتن .

هێما و دۆخی داهاتووی جیهان گۆڕ ستراتیژی ڕووسی ئەوە دەبێت کە ئامریکا لە ئاستی سیاسەتی جیهانی گەر کوێریچ نەبێتەوە ئەوە ئیدی ئەو دەورە باڵادەستەی هەتا ئێستای نامێنێ . لەل ئەمەیچ ، ئاورووپای پاش داپڕانی ئینگلیز و سەرکەوتنی ترامپ ، لاواز و لاوازتەرتەر ئەبێت . مانی ئیتالیا لە یەکیەتی ئاورووپا لەق و لۆقە و بەرەو داپڕان ئەڕوات . فەرانسە و ئاڵمان مەترسی سەرکەوتنی ترامپیزمی ئاورووپایان لە سەرە . پێشبینی ئەوە ئەکرێتن کە تەنانەت لە ئەگەری سەرنەکەفتنی ترامپیزمی ئاورووایی ، ئەشی چاوەڕوانی قورسایی سیاسی فرەتەرتەری ئەو ڕوتە لە ئاورووپا بین کە ئەگەرێکی فرە دوور جە ڕاستی نیە . هەرەس هێنانی ڕۆژئاوا ، گەر ئاورووپا مەبەست بێتن ، ئا نها دەس پێ کریە و لەوانەشە هەڵبژاردنی فەرانسە و ئاڵمان خێراتەرتەری بکاتەوە . یونان بووگەسە بارێکی گران بە سەر شانی ئاورووپا و یەکیەتیەکەیان . گەر شیرازەی ئاورووپا تێک بچێتن ئەوە ئیتر داپڕانی یونان جە یەکیەتی ئاورووپا فرمانێکی چاڤەڕێ کریە . ڕووس لەوەدا تا ڕادەیەکی کاریگەر سەرکەوتوون کە کەلەبەرێکی گاورە و گران بخەنە نێوان تورکیە و ئاورووپا . کێشەی کورد لە تورکیە هەوێن و ماکەی ئەم ستراتیژیە هەتا ئێستا سەرکەوتووانەی عرووسانە . گەر ڕووس ، لە لاوازبوونی ئاورووپا و کشانەوەی ترامپیزم لە سیاسەتی جیهانی ، هەمان ڕێکاری تورکی لە مەڕ ولاتانی ئاورووپای ڕۆژهەڵات دکار بهێنێ ئەوجا فرە لە ڕاستی دوور ناکەفینەوە گەر بووشین کە سەرکەفتوو ئەبێتن .

چەندین هۆکاری کاریگەر دۆخێکی نەخوازراو و تژی مەترسی ئەڕای ئاورووپا هێناوەتە هولێ . یەکەمیان ، قەیرانی خۆکردی سەرمایەداری و کارکردی گلۆبالیزم ژ بوارێ ئابووری ، چ دەسکەفت و بەرژەوەنیێکی ئەوتۆی پەی مەردم ڕۆژئاوا بە خەڵات نەهێناوە . ئەمەیش شەپۆلێکی بەهێزی بێزاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دژی گلۆبالیزم ئافراندووە کە بووگەسە بنەما و پێخۆری سیاسی و ئادیۆلۆژیکی فاشیزمی ترامپ و هاوپێرەکەی جە ئاورووپا . بە واتایەک دن ئیرۆ سەرمایەداری و یەکیەتی ئاورووپا ڕووبەڕووی خەڵکەکەی خۆی بووەتەوە .

خاڵەک باڵکێش ڤر دە ئەوەسە کە لە سەردەمی رەیگان – تارچر سەرمایەداری هێرشێکی بەربڵاو و هەمەلایەنەی کردە سەر یەکیەتی کرێکاران و کارەساتی کرێکارانی کانی خەلووزی ئینگلیزی لێ کەوتەوە . ئەو دەس درێژیەی سەرمایەداری بۆ سەر کرێکاران لەو کاتەوە هەیا نها ژی درێژەی هەس . ئاکامی ئەو هەڵس و کەوتەی سەرمایەداری دڕ و هار و نوێنەور و پارێزەرانی لە خۆیان دڕتر و هارتر وەکی ڕەیگان و تارچر هەرەسی بە کمۆنیزمی ڕووسی بەتایبەت و کمۆنیزمی جیهانی بە گشتی هێنا . هاوکات و هاوشان لەگەڵ ئەمەش پێشکەوتن و هەڵدانی زانست و تێکنۆلۆژیای پیشەسازی ژی وردە وردە و بە شێنەیی قورسایی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کریکاری کز ولاواز و لاوازتەرتەر کرد و گەیاندیە ئەم ئاستەی ئێستا کە بیر و هزری چەپایەتی و دێمۆکڕاتیانە و کرێکاریانە یان بە تەواوەتی کوێر بووەتەوە ئانکو چ دەورێکی کاریگەری نەماوە و لە گۆڕەپانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی دا هەست بە بوونی ناکرێت . ژ تونەبوونا هۆکارێکی کارا و کاریگەری هانا فاشیزمی بابەتی ترامپی لە ناو جەرگەی قەیرانی سەرمایەداری دا سەر هەڵ ئەدا و دەور ئەبێنێ .

دکارین بووشین کو ئەم دیاردەیەچ مۆرک و شەقڵی مێژوویی جاخی هەنووکەیی یە کە دەنگ و ڕەنگی دێمۆکراتیانە نەک لە لایەن چین و توێژە بە سروشت دێمۆکرات بەڵکو لە لایەن سەرمایەداری پاوانخواز و بە سروشت دژە دێمۆکرات بەرز ئەبێتەوە . جە هەمبەر ئەم دەنگە ناساز و درۆزنانە ژی ئەوەتا فاشیزم و ڕاستڕەویی ترامپیانە قوت ئەبێتەوە کە مەترسی یەکی سوورن ئەڕای گشت مرۆڤایەتی .

ژ ئالی دن تەوژمی سیاسی و ئابووری و سەربازی ڕووس دە مێژ دە گوشارێکی فرە گاورەی خستوەتە سەر ئاورووپا . ستراتیژی هێرش بەرانەی ڕووس ژ گورجستانەوە دەستی پێکرد و لە ئۆکرانیا و کریما تەقیەوە و لە سووریە و قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین فرەتەرتەر گەشەی کرد . تێکەڵی سیاسی و ئابووری ڕووس وەگەرد چین و برازیل و ئافریکای خوارووی (BRIC) لایەنەک دنە جە ستراتیژی ڕووسی پەی سازکرنا ناوەندی ئابووری و سیاسی دە هەمبەر ناوەندی ڕۆژئاوا بە گشتی .

گەر ئەمانە بەس نەبوون ئەڕای ئاورووپا ئەوەتا ئیستا بەزمی داپرانی ئینگلیز لە یەکیەتی ئاورووپا و هەرای ترامپ و ترامیزم و فاشیزمی نوێی ئامریکایی و ئاورووپایی ژی هاتگەسە بانی . جە کۆڕنەبدەکەو ئاسایش ئا مونشنێ دەرکەفت کە ئارووپا ئا نها دەستەوسان وەستاوە و چ گەڵاڵە و بەرنامەیەکی دیاری نینە پەی پێراگەیشتنی بە ئەوان ئاریشە و تەنگەژانەی کە هاتوونەتە سەر ڕێگای . پێداویستی پێداچوونەوە و چاکسازی وەک وتاری سیاسی و ئاکادیمیانە تاکە چتێک بوون کە لەو کۆربەندە دا ئەبیستران .

**کۆمەڵگای ناونەتەوەیی** وەکی تێتە ناسین دەبەر مەترسی واڵا بوون دایە . وەک لە هەموو لایەک ڕوونە ئەم دەستەواژەیە هەمیشە وەک ڕۆژئاوا بە گشتی ئەخەملێندرا و ڕاستیەکەشی هەر ئەوە بوو کە ڕۆژئاوا بەشێکی بەرچاوی سیاسەت و کردەکانی بەو ناوەوە بەڕیوە ئەبرد . گەر ڕۆژئاوا ، وەک تێتە چاوەڕێ کرن و گەنگەشەکرن ، هەرەس بهێنێ ئەوە ئیدی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی ژی ژ خوە ڕا هەرەس تێنێ و شتێک بەو ناوەوە دە فەرهەنگی سیاسی دا نامێنی و ئەسڕێتەوە .

**ئاسۆی شەڕی وەهابی عارەب و شێعەی سەفەویی عەجەم** تا ڕادەیەکی بەربەچاڤ دە کونفرانسەکەو مونشنێ ڕوونتر بووەوە . شەڕی عارەب و عەجەم لە مونشن پارەک بوو ژ ناوەرۆکی کۆربەندەکە و مژاری سەرەکی و گشتی گەنگەسەکانی کە بە تێکرا لە سەر دوو ڕێکاری ڕووسی و ڕۆژئاوایی دا لە مەڕ ئاسایشی جیهانی ، خۆی دەبینیەوە . لەگەل ئەمەش دا شەڕی عارەب و عەجەم لەو ناوە ئاماژەیەک دنە بە هەڵدانی فرەناوەندی و فرە رەهەندی هاوتەیب وەگەرد ستراتیژی ڕووسی . وەهابیگەری عارەبی سعوودی و شێعەگەری سەفەویی عەجەمان دە مێژ دە شاخیان گیراونوەتە شاخی یەک و دوو . لەورا ئەو شەڕە عارەب و عەجەمە لە کۆربەندەکەی ئیمساڵی مونشن شتێکی سەیر و سەمەرە نیە و درێژەی شەڕی لە مێژینەیانە. ئەوەی کە شیاوی ڕامانە ئەوەسە کە گەرم داهاتنی ئەو شەڕە لە مونشن نیشانێکە لۆ داهاتووی ناوچەکە و شەڕی دوو ناوەندی دژ بەیەک کە لە داهاتوو دا لەوانەیە بە هێزتەرتەر بین گۆڕ چاوەڕوانی لە دۆخی نوێی جیهانی . وەهابی یەل لە مونشن ئەو هەلەیان قوزتەوە کە سیاسەتی ڕووسی و داپرانی ئینگلیز لە یەکیەتی ئاورووپا و ترامپیزمی ئامریکایی ڕەخساندیان و تورکیە و ئیسرائیلیشیان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشا لە دژی مەلای عەجەم . خودی شەڕەکە و بەرە و هاوهاوەکانیان ، وەکی ئاماژە وە پێ هاتە کرن چتێکی تازە نیە ،

ئەوەی کە ئەبێ پێ داگری وە بانیەوە بکرێت ئەوەسە کە لە هەرەس هێنانی ڕۆژئاوا و کشانەوەی ئامریکا لە سیاسەتی جیهانی هەتا ئێستای و دەنە دانی عرووسان ، شەڕی عارەب و عەجەم بەرو کوێ مڵ ئەنێ و چ کاریگەرێێکی نەرێنی ئەبێتن لە ناوچەکە .

گۆرەپانی شەڕی عارەب و عەجەم ، عێراق و سووریە و یەمەن و لوبنان و ئەفغانستان و ولاتانی کەنداو و هتد گرتوەتەوە و شەڕیان بە تایبەت لە عێراق و سووریە و یەمەن فرە چڕ بوەتەوە . دۆخی نوێی جیهانی پاش هەرەس هێنانی ڕۆژئاوا و ترامپیزم ، هەوساری ڕۆژئاوا لە سەر ئەو دوو دژمنە دێرینە و خوێناویی یەی مێژوو ناوچەکە دائەماڵی و بواری هۆڤانەتیان لۆ خوەشتەرتەر ئەکاتن . ئەمەش دەق لە دژی بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکە لە پلەی یەکەم و گشت جیهانی مرۆڤایەتی ژ پلەی دووهەم ئەبیتن . بە پێچەوانەی بۆچوونی جوولەکە و دەولەتەکەیان ، ئیسرائیل ، شەڕی وەهابی – عارەبی و شێعەگەری سەفەویی عەجەمان مەترسی فرە گاورەتەرتەر ئەڕای جوولەکە ساز ئەکات و هیچ دووریش نیە کاردانەوەی مەڵای عەجەم دە هەمبەر ترامپیزم دا فرەتر پاڵ بە عەجەمەوە بنێ کە بەرەو دروست کردنی چەکی ناوکی و ئاتۆمی پرون پەی دابین کردنی باڵادەستی ستراتیژیکان بە سەر وەهابیگەری خێڵی وەهابی سعوودی . مەلای عەجەم باڵادەستن لە شەڕی عارەب و عەجەم دا . عەجەم بە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتانەی سیاسەتی ڕۆژئاوا لۆیانی ڕەخساند ، شەڕی یەکەم و دووهەمی کەنداو و بەهار ئانکو چێ تر واسە کە بێژین شەختەی عارەبی و تەنانەت سەرهاڵدانی داعش ، شەڕەکەیان بردە ناوماڵی عارەب و مەلای عەجەم لە تاران پاڵیان ڵی داوەتەوە و کار وفرمانی شەڕەکە لە دۆخی تەناهی تارانەوە بەڕیوە ئەبەن . مەڵای عەجەم دەنگ و ڕەنگی نەیارانی ناوخۆیی خۆیان کڕ و کپ کردوە و چ مەترسیێکی ئەوتۆیان لە سەر نیە . لە هەمووشی گرینگتەرتەر لێگرە ئەوسە کە ماڵای عەجەم بزاڤی کوردێنی ڕۆژهەڵاتیان سەرکوێرکردوەتەوە و تەنانەت بزاڤی کوردێنی باشوور و باکووریچ لۆ ئەو مەبەستە بە کارامەیی یەوە دکار تێنن . عەجەم دەسەڵاتی کوردی باشووریان ناچار کرد ئانکو کوردی باشوور بۆخۆیان کردیان ، کە بزاڤی کوردێنێ ڕۆژهەڵات بتاسێنن . ئەوەش ناشێ کە لە بەرچاو نەگیرێت کە ناکارامەیی سیاسی و تێکشکانی شۆرشی کوردێنی ڕۆژهەڵات ژی بۆ خوە ئەو دەرەتانەی بە مالای عەجەم دا کە بەم ڕۆژەی بگەێنی . کاتی خۆی و پاش شەڕی هەشت ساڵەیان ، سەدام و مەڵای عەجەم یەکانگیر بوو پەی لێدانی بزاڤی کوردی بە گشتی . ئەوە بوو هەر دوو لا پ ک ک یان لە دەڤەری قەندیل جێگیر کرد کە بووە هۆ و سەرچاوەی سەرئێشە بۆ بزاڤی کوردێنی لە باشوور و ڕۆژهەڵات .

گرینگی بوونی پ ک ک لە قەندیل و ئەو دەورە دژە کوردیەی ئەبینێ لە مەڕ باشوور و ڕۆژهەڵات ، کاتێک زەقتەرتەر و ڕوونتەرتەر ئەبێتەوە کە لە پێوەندی وەگەرد کۆربەندەکەی مونشن بە تایبەتی و هەڕەشە و گورەشەی ترامپ لە عەجەمان بە گشتی لەم بابەتە بکۆڵدرێتەوە . گەر هەڕەشەیەل ترامپ و جوولەکە و عارەب ، ئی دە ترکان ژی وەگەردیان بووت ، لە مەڵای عەجەمان بە هەند وەربگیردرێت و خاڵی لاوازی کاربەدەستانی شێعەگەری سەفەویی ، لە روانگەی جوغرافیایی یەوە ، لە بەر چاو بگیردرێت ئەوە ئیدی لەمپەر و بەربەستی پ ک ک کە مەڵاکان سازیان کردوە فرە خویاتەرتەر ئەبێتن . مەڵای عەجەم سنووری ڕۆژهەڵاتیان لە بەشی ئەفغانستان ئارخایەن کردوە بە دەس تێوەردان لە کار وباری ئەفغانستان و ڕێک خستنی شێعەگەری لەو وڵاتە . ئەمەش ستراتیژی مەڵای حەجەم بووە بە تایبەت لە کاتی لێدانی تاڵابانەوە.

بلووچستان بە هۆی دووری لە ناوەند و تەریک کەوتنەوەی لە کۆمەڵگای عەجەمستان گرینگی تایبەتی وەک کوردستانی نیە . گرینگی ژئۆپلۆتیکی کوردستان ، بەشی ڕۆژهەڵات ، ژ بۆ عەجەمان گرینگیێکی ژیاری یە، بەتایبەت کە مەتریسی و هۆکارە ناوخۆیی یەکانی عەجەمستان یان لە ئارادا نین ئانکو هەر زۆر کزو کەمن . کوردی ڕۆژهەڵات گرینگی ژئۆپلۆتیکی نیشتمانەکەیان لە مەڕ عەجەمستان نەبینیوە و وەکی هۆکارێکی فرە گرینگ لە بۆ بزاڤی نەتەوەیی دکاریان نەهێناوە . چاندن و جێگیرکردنی پ ک ک لە قەندیل بوەتە ئەو هۆکارە کە بە کردەوە عەجەم لە مەترسی ژئۆپۆلۆتیکی بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەپارێزێ و تەنانەت دەس لە کوشتنی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتیش ناپارێزێ ، جا با ئیتر ڕێکخراوە دەسکرد و دەس نیاکەی لە ڕۆژهەڵات ژی بوەستێ . پ ک ک بەو ئاکار و کردە وکارنامە دژە کوردیەی ، پارەک ژ بەرگری ستراتیژیکی و ژئۆپلۆتیکی مەلای عەجەمانە و نە بەتەنی لە پێوەندی وەگەرد شەڕی عارەب و عەجەم لێ لە پێوەندی لەگەڵ ستراتیژی بەرگری و هێرشکارانەی مەڵای عەجەم جە هەمبەر تێکڕای نەیارانی ناوجەیی و جیهانی ، دەور ئەبێنێ . کارنامەی پ ک ک لە باشوور و نەخاسما ڕۆژئاڤای کوردستان درێژەی تەشەنەکردنی هەمان دەوری دژە کوردیانەی پ ک ک یە .

وەکی مە گوت دۆزی نەتەوەیی کورد جە باکوور ئامیانی سەرەکی دیاریکردنی سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی کاربەدەستانی ئیسلامی تورکیە و ئاک پارتی و ئەملا و ئەلا کردنی سیاسەتەکانیانە . فاشیزمی کامالیستی هێژ زیندوو کە بە میرات ئەڕای ئاک پارتی ماوەتەوە ، دەوڵەتی تورک و نەمازە سەرۆک کۆمارەکەیانی ناچار کردگە کە پەی لێدانی بزاڤی نەتەوەیی کورد پەنا بۆ هەر هیز و هۆکارێک بەرن . سەرلێ شێواوی ترکان گەهشتوەتە ڕادەیەک کە بە ڕووس و مەڵای عەجەم رە ببن ئێک بۆ لاوازکردنی کوردان و ژ ئالی دن رە ژی بە سعوودی و ئیسرائیل ببن دۆست و هەڤال . ترکان وەکی کەری دێزیان لێ هاتووە کە لۆ لێدانی کوردان تۆپینی خۆشیان لا مەبەست نیە و ئەوەش نابینن کە پ ک ک ب چ ئاڤا تەڤ عەجەم بوویە .

**کورد و دۆخی نوێ** دەبا مژاری هەرە گەرمی هزریی و سیاسی بیرمەندی کورد با . دەبا ئەم مژارە لە کۆڕبەندەکەی مونشن دا بخرایەتە بەر لێکۆڵینە و گەنگەشە کردن . کورد دەبا لە کونفرانسی ئاسایشی مونشن دەنگ و ڕەنگی زەق و دیاری هەبا . هێزی پێشمەرگەی کوردستان زەق ترین و کاریگەرترین هێزی دژی هۆڤانەتی داعش و ئیسلامی سیاسی بوو هەتا پێش شەڕی موسڵ . کورد هەلێکی زێرینی لە شەڕی دژی داعش لە کیس خۆی دا . مژاری شەڕی دژە تێروری ئیسلامی هێژ ژی گەرمە و لە مونشن ژی بەش و کاتێکی تایبەتی لۆ تەرخان کرا . کورد دەبا بە دەستێکی پڕ و پڕ تەرتەر لە هەر کەسێکی دن بەشداری ئەو کۆڕبەندە ئاسایشەی بکردبا . پێشمەرگە و جەنگاوەری کورد لەو شەڕەدا هیچیان لە ئازایەتی و بوێری و خوەش مێری و عەگیدی نەهێشتەوە . لێ سیاسەتی هەڵە و نادروست پشتی کارا و بەتوانای هێزی پێشمەرگەی کوردستانی تاساند بەوەی کە لێدانی داعشی لە چوارچێوەی سنوورەکانی کوردستان قەتیس کرد . لە کاتێکدا کە خەڵکی دیکە هەزاران کیلۆمتریان ئەبڕی و لۆ لیدانی داعش چ سنوورێکیان لۆ خۆیان دیاری نەئەکرد ، سەرکردایەتی کورد فیزی ئەوەی لێ ئەدا کە سنووری کوردستان نابەزێنی . داعش بۆ خۆی سنووری دانەئەنا و کوردستانی بە هی خۆی ئەزانی کەچی سەرکردایەتی کورد لە شەڕی هەمان دوژمن دا سنووری لۆ خۆی دائەنا . وەکی تە بێژی داعش لە دەرەوەی کوردستان ژ کوردان رە گرینگ نیە . ئەمەش

وای کرد کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی ناوچەیی و کەم پرشت بێتە ناسین و خەملاندن . شەڕی موسڵ ئەمڕاستیە تال و تفتە کە ئاکامی هەڵەی سەربازی و سیاسی و ستراتیژیکی سەرکردایەتی کوردە ، بە ڕوونی دەرخست . پێشمەورگەی کوردستان ئێستا بوەتە هێزێکی لاوەکی و پشتی بەرەی شەڕ و مەیدانی بۆ حەشدی شەعبی و سپای عێراقی چۆڵ کردوە و خۆی بە فرمانی یارمەتی مرۆویی یەوە خەریک کردوە . شەڕی موسڵ تەون و تەپکەیەکی گەلەک خراپی داگیرکەرانی ڕاستەوخۆی کوردستانە ، نەمازە عەجەم ،کە دۆزی کوردی پێ سووک ئەکەن و دەنگ و ڕەنگی بزاڤی کوردێنی وەپێ کوێر ئەکەنەوە .

ببجگە لە بواری سەربازی و چەکداری و شەڕ ، بواری هەوالگری و زانیاریی ئاسایەشی و تەناهی دەبا ببا بە هۆکارێکی هەری گرینگ ئەڕای کوردان لە پێوەندی وەگەرد شەڕی دژە داعش . دیاردەی تێروری ئیسلامی و داعشی بەتەنێ دیاردەیەکی سەربازی و ڕەشەکوژی نیە . یەک لایەنانە تێ گەیشتن لە داعش و تێروری ئیسلامی بوەتە هۆی ئەوە کە تێکڕای دام و دەزگا سیخۆریەکانی ڕۆژئاوا و مەردم جیهان باجی ئەو کەم و کووڕی و کەمایەسی بدەن . شەڕی دژە تێرور لەوە دا کورتی هێنا کە زانیاریی تەواوی لە سەر پەیکەری ڕێکخراوەیی ئیسلامی سیاسی و چۆنیەتی ڕێکخستن و بەڕیوەبردنی تێرور دا نەبوو . کورد ئەو هەلەی لۆ ڕەخسا کە بە کۆکردنەوە و دەس خستنی زانیاری پێویست ئەو کورت هێنانەی دەزگا سیخوریەکانی ڕۆژئاوا پڕ بکاتەوە و بەمەش ببێتە هۆکارێکی فرە کاریگەر لە لێدانی تێرور ، هیزی پێشمەرگەشی وەگەرد بووت . کورد ، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و ترک وعارەب و عەجەم و گشت مەردم جیهان خڕ وەگەردیان بوون ، فرە باش مەزانۆ کە داعش بە شکانی سەربازی ناپڕێتەوە و شەڕەکە درێژەی ئەبێ . درێژەی ئەو شەڕەش ئیدی کاری پێشمەرگە و شەڕی پێشمەرگانە نیە بەلکو شەڕی زانیاریی و هەواڵگرییە . کورد جە باشوور ئەو هەلە زێڕینەی لۆ هەڵ کەفت کە خۆیان بە زاناریی هانا تەیار بکەن و بیکەنە دەسمایەی سیاسی لە بۆ فرەتر پێش خستنی دۆزی نەتەوەیی کورد . چەندەش ئەم مژارە بە هەند وەرگیراوە و کار وەبانیەوە کریاگە دیار نینە و گەر تشتەک ژی هەبا دەبا جە کۆڕنەندکەو ئاسایشا مونشنێ دەنگ ڤەدابا لێ ڤردا تشتەک هانا نەبیرا .

خالەک دن ئو خەلەکەک دن ئا هەری گرینگ و پێدڤی ئەوەسە کە کورد ئەشێ ئەو قاوخە ئاسایەشیەی بەسەری دا پڕاوە بشکێنی و بەلەز و ب خورتی تەڤ کایە و یاری جیهانی ببێتن . ژ ئارمانجێک هانا رە پێویستە کە کورد ژی وەکی هەمی خەلکێن پێشکەتی ژ سەرتاسەرێ جێهانێ گوتن و گوتارێن وی هەبە دە مژارێن گرینگ ئا جیهانی . دەمەک کو کورد پشکداریا کۆڕبەندێ ئابووری ئانکو سیاسی و هەر وسا ژی ئاسیەشێ دەکەت ، دەبە کو خودانێ پەیڤ و وتارا خوە ببێ و لەم ڕیگەشەوە بەشداری لە ژیانی گشتی مرۆڤایەتی بکات . ئەوەی کە تا ئێستا دیارە ئەوەسە کە چەند کەسێکی کەم بە نوێنەرایەتی کورد بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانی یەکان ئەکەن کە هیچیشیان پێ نیە لە سەر مژارە گەرمەکانی ئەو کۆبوونەوانە . هەر ئەم چەند کەسە بە مۆرک و شەقڵی پارتایەتی و تەنانەت خزمایەتی و خێڵەکەی ئەچنە ئەو کۆڕ و کۆڕبەندانە و تەنیا وەک هەلی وێنە گرتن لەل ئەم و ئەوێکی ناوداری سیاسی ئەیان بینن . لە کۆڕبەندی داڤۆس کورد و ئەو بابەتە نوێبەرانەی چیان پێ بوو لە مەڕ ئابووری جیهانی و ڕەوتی گەشەکردنی و کێشە و ئاریشەکانی. هەروەتریش " وەفدی کوردستان " لە کۆڕبەندی مونشن چی پێ بوو لە مەڕ دۆخی درۆ و هەرەسی ڕۆژئاوا و کۆتایی ڕێکوپێکی هەتا ئێستای جیهانی . داخ و کەسەرەکەش لە ئەو کورت هێنان و ناتواویەی کورد، ها

لەو راستیە دا کە پسپۆران و چازانانی کوردی ئەو بوارە گشتی و جیهانیانە دەرفەت و دەرەتانی ئەوەیان پێ نادرێت کە ئەرکی خۆیان ببینن و لە ئاستی هەموو هاوتاکانیان لە جیهاندا نوێنەرایەتی کورد بکەن . ئەوانەی کە پچەک ئاگاهداری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردن پر باش ئەزانن کە کەسایەتی سیاسی ئا بەناودەنگ مینا عومەر شێخ مووس ئاڕای نموونە ، لەم نموونەش فرەن دە ناوبەرا کوردان ، پراوپر لە کێشی دایە کە ئەو کەلێنە پراوپر پر بکاتەوە . بواردان بە خەڵک و کەسایەتی لێزان و پسپۆر پێداویستی ژیاری بزاڤی نەتەوەیی کوردە . بە بێ دەور و کاری کارا و کاریگەری ئەو بابەتە خەڵکە چازانە ، هەر کەسەو لە بواری خۆی دا ، پێشکەوتنی دۆزی نەتەوەیی کورد فرمانێکی نەشیاوە . دیان نا بەڵکو سەدان و بگرە هەزاران کەسایەتی زانا و ئاکادیمی و پسپۆری پێگەیشتوو و تێ گەیشتوو لە ئاستی هەری بەرز دا لە ناو کوردان هەن کە دکارن ئەو کەلێن و کەلەبەرە پر بکەنەوە ، گەر مەلا باقی سنەیی دەرفەتیان پێ بدات .

پاوان و قەتیس کردنی تێکڕای دۆزی نەتەوەیی کورد دە چارچێڤا پارتایەتی و خزمایەتی و خێڵەکی بزاڤی کوردێنێ دێ بمرێنێ و لەباری ئەبا . هەر ئەم ڕێکارە دواکەوتووانە و خێڵەکیەیە کە دۆخی باشووری کوردستانی بە تەواوەتی تێک داوە و لە ناو قەیرانێکی کوور دا خنکاندوویەتی ، لەوانەشە بەمەبەست بێت . دەسەڵات و سەرکردایەتی نیمچە دیکتاتۆری باشوور ، کوردی گەیاندوەتە ئاستێکی هەرە نزم و دەزگای داد و یاسا دانان و بەڕیوەبەری لە کار خستوە و هێچ دەروویەکی ڕووناکی ئەڕای مەردم کورد نەهیشتگەسەوە .

ئا بەم شێوە بەڕێوەبردنی نیشتمانی کوردان و ژیانی سیاسی کورد و هاتنە ئارای دۆخی نوێی جیهانی کە دەقاودەق و پراوپر لە دژی بەرژەوەندی کوردە بە گشتی ، ئیتر مژاری سەربەخۆیی کوردستان ئەبێ چی لێ بە سەر بێت . گرێبەستی نەوتی هەرێم وەگەرد کۆمپانیای ڕووسی لە لەندەن ژی باری گرانی داهاتووی کورد سڤک تر ناکات و لەوانشە دەرئەنجامی خراپێ لێ بکەوێتەوە . یار و نەیاری سەربەخۆیی کوردستان پێکەوە و وێکڕا هان دە بەر مەترسی و هەڕەشەی ناحەزان و نەیارانی کورد و ئەمانێج خەرێکی شەڕە دەنووک و چرە و خۆرەیانە لەگەڵ یەکتر .

قانع واتاش :

وتم ئەی ئەحمەقی ئاشوفتە وەتەن چۆڵە ، وتی دەبە دەب دەب ، دەبە دەب دەب ، دەبە دەب

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٧/٠٢/٢٣